## مێژووی ماد "ی دیاکونۆف

بۆکان بەشێک بووە لە مادی بچووک و هەر باس و لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ حکوومەتی ماد، لەهەر کتێب و سەرچاوەیەکدا بێت، بە شێوەیەک بۆکانیش دەگرێتەوە.

کتێبی دیاکونۆف – وەک سەرچاوەیەکی هەرە بەنرخ بۆ مێژووی مادەکان، گەرچی بەتایبەت ناوێکی لە بۆکان نەهێناوە، بەڵام لە گەلێک شوێندا لە ناوچەیەک دەدوێت کە بۆکانیشی تێ کەوتوە. بەگشتی باس کردن لە بەشی باکووری ئیمپراتوریەتی ماد و سنووری شارسانیەتی سەکاکان و حوکمی ئەوسەردەمەی مانناکان کە پێش هاتنی مادەکان دەسەڵاتێکی بەهێزیان پێک هێنابوو، هەروەها ئەیالەتی زاموا یا خود لولو (لە گۆلی ورمێوە تا بەشی سەرووی چۆمی دیالە)، هەموو هەر ناوچەی بۆکان دەگرنە بەر.

باس کردن لە مێژووی دیاکونۆف بەم چەند دێرە گونجاو نییە و خوێنەری کورد لە هیچ بەشێکی مێژووی ماد بێ نیاز نییە و نابێ. لە پەیوەندی ناوچەی بۆکانیشدا دەبێ شوێنی زۆر بابەتی ناو کتێبەکە هەڵبگیرێت، بۆ نموونە باسیماننا و سەکا، شەڕی ئاشوور لەگەڵ ماننا و باسی رووبار و چیاکانی ناوچە، وەک جەغەتوو، تەتەهوو و زاب و لووتکەکانی چیای زاگرۆس، هەمووی ئاماژەیان بە شوێنایەتی ئێستای بۆکان تێدایە.

پێوەندی ئابووری – کۆمەڵایەتییەکانی دانیشتوانی ئەو سەردەمەی ناوچەکە، باسێکی شیرینە و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای چینایەتی، کێشەی کۆیلەتی، نیشتەجێ یی و کشت و کاڵ و ... هتد، ئەو بابەتانەن وا لە مێژووی ماددا کەوتوونەتە بەر لێکۆڵینەوە.

کتێبەکە لە بنەڕەتدا بە رووسی نووسراوە و من وەرگێڕاوە فارسی یەکەیم لەبەر دەستدایە :

تاریخ ماد، تاءلیف ا.م. دیاکونۆف، ترجمە: کریم کشاورز، چاپ اول (١٣٤٥)، چاپ دوم، انتشارات پیام، تهران ١٣٥٧(١٩٧٨)، ٦٦٤ صفحە، فارسی .

کتێبەکە، بە گوێرەی زانیاری من لەلایەن کاک مەریوان وریا قانعەوە کراوەتە کوردی (لە فارسییەوە)، بەڵام لەبەردەستمدا نییە تایبەتمەندییەکانی بنووسم .